# "زۆربەی بکوژی ژنان دەبینم بەکەفالەت بەردەبن تارۆژی دادگایی کردنیان"

شنۆ ئەحمەد سەرپەرشتیاری یەکێتی ژنان لەچاوپێکەوتنێکدا

سازدانی: سامان سوبحدەم

کۆمەلگەی کوردی بەهۆی ئەوەی کە یەکێکە لەکۆمەلگەکانی خۆرهەلاتیو کاریگەرییان لەسەری هەبوەو هەیە بەهۆی ئەوەی کەکوردستان ناوچەیەکی داخراو بوەو داخراوە، بۆیە کەمتر کاریگەری خۆرئاوای لەسەر هەبووە، ئەوەی رۆژی 7-4-2007 لەناوچەی بەحزانی بەعشیقە رویدا کارێکبو دور لەهەموو بنەمایەکی مرۆڤایەتیو بەکوشتنی دوعا یەکێك لەکوژراوەکانی بێتاوانی دۆزی بەناو شەرەف زیادیکرد،و لەمکاتەدا چەندان کەس بازرگانی بەرێورەسمی کوشتنی ئەم کچە فریشتە ئاسایەوە دەکەن، بەمەبەستی رونکردنەوەی هەندێك شت دەربارەی کوشتنی ژنان ئەم دیدارەمان لەگەڵ شنۆ ئەحمەد سەرپەرشتیاری یەکێتی ژنانی کەلاردا ئەنجامدا:

-بەبۆچونی بەرێزت کێ بەرپرسیارە لەکوشتنی ژناندا؟

شنۆ ئەحمەد: بەشێوەیەکی گشتی کوشتنی ژنان دەگەرێتەوە بۆکۆمەلگەو لەلایەکیتریشەوە دەسەلات بەرپرسیارە تاوەکو ئێستا سزایەکی واتوندی دانەناوە، ئەو کەسانەی بکوژی ژنن ئەوانیش چاونەترسن بەرامبەر بەو کوشتنە، زۆربەی بکوژی ژنان دەبینم بەکەفالەت بەردەبن تارۆژی دادگایی کردنیان بەراستی ئەو زیندان نییە، وەکو ئەوە وایە ماڵەکەی خۆی بۆبکەنە زیندان.

ئێوە وەکو رێکخراوێکی ژنان چی هەڵوێستێکتان سەبارەت بەکوشتنی ژنان بەگشتیو کوشتنی دوعا هەبووە؟

شنۆ ئەحمەد: ئێمە وەکو ژنان بەتوندی ئەو کارە رەتدەکەینەوە ئێمە داوای نەهێشتنی کوشتن دەکەین واتە بنبڕ بکرێت، کۆبونەوەیەکمان سازکرد رۆژی 1\5 هەموو رێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتانی گەرمیانی تێدابوو یەکێتی زانایانی ئاینیو بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤو رێکخراوی مافی مرۆڤی تێدابوو، بەبەشداری لانەی منداڵانیش چونکە دوعا هێشتا حەڤدە ساڵانە، ئێمە لەکۆبونەوەکەدا هەمومان بەیەك دەنگ ئەوەمان رەتکردوەتەوەو دەنگی خۆشمان دەخەینە پاڵ هەموو ئەو دەنگانەی کوشتنی دوعا شەرمەزار دەکەن بەیاننامەیەکیشمان لەو کۆبونەوەیەدا دەرکرد.

بەرای ئەم کێشەیە کێشەیەکی خێڵەکیو تایفییە یان کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە؟

شنۆ ئەحمەد: تائێستا ئەوەم نەبینیوە ئەسڵی مەسەلەکە دەگەرێتەوە بۆچی.

ئایا لەو بروایەدایت ئەم کوشتنەی دوعا لەسەرچی بێت؟

شنۆ ئەحمەد: هۆی ئەم کوشتنە ئەوەی تائێستا خەڵکی بزانێت ئەڵێن لەسەر خۆشەویستی دوعا بۆکورێکی موسڵمان بووە بەڵام تۆ ئازادی هەرکەسێکت خۆشبوێ لەهەر نەتەوەیەك بێت لەهەر دینو مەزهەبێك بێت ئینسان ئازادە هەرکەسێکی خۆشبوێ جائەوە مافێکی سەرەتاییە تاوانێك بێت مرۆڤی لەسەر بکوژرێت بەتایبەت بەوشێوە درندانە کە هەموو بینیمان.

ئەو گەورە کردنەی دەزگاکانی راگەیاندن لەخزمەتی کێشەکەدا بووە یان بەپێچەوانەوە؟

شنۆ ئەحمەد: پێموانییە ئەوە گەورەکردن بێت بۆخۆی کێشەکە زۆر گەورەیە زۆر لەوە زیاتریش هەڵدەگرێت.